www.kurdistannet.org
29-11-2006 10:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# هونەری گۆرانی و چەواشەکردنی جەماوەر ... هەورامان علی تۆفیق

Berzi-san@web. de

دونیای مۆسیقاو ئاوازو هونەری گۆرانی لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا جۆرە گۆڕان و شێوازی تایبەت و هەندێ جار و لای هەندێك شێوەرێچەكەیكی تایبەت دروست دەبن كە ڕاستەخۆ پەیوەستن بەو هونەرمەندەوە.. هونەر بەهەموو شێوەكانیە بریتیە لە بەهرەیەكی ئارەزومەندانەی ئەو كەسە كە دەتوانێ بەجۆرێك لە ناخی خۆیەوە ئەو ڕاستیە بەو شێوەی كە دەتوانێ دەربڕێ بێ ئەوەی دەستكاری و جوانكاری دەستكردی بۆ بكات وەك چۆن ئەمڕۆ لەم دونیایەدا دەیبینین و بەتایبەت لەو وولاتانەی ئێمەدا كە هیچ شێوە سانسۆرێك بۆ دەست نیشان كردنی ئەو هونەرەنیە و ئەوەی دەیەوێ بەویستی خۆیی دەبێتە هونەرمەند و ئەوەی پارەی هەیە و دەتوانێ چەند كچێك بەجل و بەرگی كراوەوە و سەمایەكی سەرنج ڕاكێش كە هیچ فرِی بە گۆرانیەكەوە نیەو دەیكاتە كلیپ و بۆ كەناڵە كوردیەكانی دەنێرێت ئەو كەناڵانەی كە بێ پارە یان ئەوەی پێیان دەگات ئەگەر خاوەنەكی پارەی نەوێت بەرامبەر بە بڵاوكردنەوەی كلیپەكەی ئەوە بڵاودەكرێتەوە و گرنگ نیە چەند لاوازبێت و ئەو كەسە هونەرمەندبێت یان نا.. كەواتە دەروازەی پێگەیشتن و ناوبانگ دەركردن والادەبێت لەسەر حسابی گەورە هونەرمەند و ئەوانەی كە ئەوەی ئەو بەرێزە دەیكات ئەو پێی ناكرێت چونكە هونەرو خۆشەویستی و دلسۆزی ڕاستەقینەی بۆ هونەرەكەو رێزلێگرتنی هەمیشە رێگرن لەوەی كە زۆر كارو شێوەی ناشیرین بكەن تا كەناڵەكان كلیپەكانیان نەك بۆدروست بكەن بەڵكو بۆشیان لێبدەن.. كەواتە هونەرمەندی كورد سەرەڕایی ئەوەی لەئاستەنگ و گرفت و كێشەی زۆردایە كە وەك كەساێتیەك چ لەناوەوەی كوردستان بێت یان لەدەرەوەی وولات ئەو گرفت و كۆسپانەش هەمیشە ڕاگەیەندراون و گەیەندراەنەتە كەسانی بەرپرسیش بەڵام سودیان نەبووە.

سەیرە كاتێك لەدەوروبەری خۆمان دەڕوانین ئەوەی لەم وڵاتانەدا دەیبینین ئەوانەی كە خاوەن سەرمایەو خاوەن جەماوەرێكی گەورەن ئەوانەی كە هەنەرمەندن و بەتایبەت گۆرانی پێژ بەڵام لای ئێمە ئەوەی نەدارو خاوەن جەماوەرنەبێت هەنەرمەندە مەبەستم لەوانەیە كە هەڵگری ڕاستەقینەی هەنەری كوردین و هیچ كات ئامادەیی ئەوە نەبوون بۆ پارە یان سوك كردنی خۆیان لەپێناوی ئەوەی كەكلیپێك یان دەركەوتنێك وەك ئەمڕۆ باوە و ڕۆژانە لەكەناڵەكاوە دەیبینین ئەوە با لایەنەكان و كەناڵەكانیان كە دوونیای هونەریان دابەش كردووە و هەرەیك بەشێكی بۆ خۆیی بردووە و ئەوەشی بەتەنها ماوەتەوە سەرگەردان و وێڵەو نازانێ چی بكات...

شێواندنی ڕەسەنایەتی گۆرانی كوردی بەشێوەیەك كە هەندێ جار شەرم دەكەیت.. زۆر جار دەڵێم ئاخۆ ڕۆژێك بێتەوە ئەو گۆرانیانەی كە سالانی پێشوو ئەو گۆرانی بێژانەی پێشتر ئەو هونەرەیان بەگوێماندا دەچڕی بگەڕێنەوە، خۆزگەر ئێستا لەو شێوازەشمان هەبێت ڕێگایان پێنادەن و هاوكاریان ناكەن و یاسایەك نیە مافەكانیان بپارێزێ و پلانێك بۆ كارەكانیان دابنێ تا هونەری كوردی لەو ئاستەی ئێستادا بەرەو ئاستێكی باشترو بەپێزتر بەرێ و گوێبستی ڕەسەنایەتی ببینەوە و ئەو داشكان و شێواندنەی گۆرانی بێژانی ئەمرۆ كۆتایی پێبێت... لێرەدا ناڵێم هەمووی چونكە ئێستاش ئەو ئاستەی چاران لە هەندێك لە هونەرمەندانی خۆشەویست دا ماوە و هەشن لەو لاوانەی كە لەگۆڕەپانەكەدان هەمان ڕێچكەیان گرتۆتەبەر بەڵام جیاكردنەوە و بژاركردنیان بۆتە كارێكی گران و تەڕو وشك پێكەوە دەسوتێنرێ ئەمەش كاری ئەوانەیە كە شارەزایی هونەرین و دەتوانن ئەم ڕۆڵە بینن.. دەزگا ڕۆشنبیری و هونەریەكان و هەوڵدانیان بۆ دانانی یاسا و پلان بۆ زامن كردنی مافەكانی هونەرمەند كە بتوانێ هەقی هەموو یەكێك بپارێزێ و ئەو پۆخڵەواتەشی لێ بژاربكرێ...